## پڕۆژە بڕیاری دروستکردنی کارتی ئەلیکترۆنی

یەکـەم: کـارتی ئـەلیکترۆنی بـۆ گشـت موچـەخۆرانی هـەرێم دروسـت دەکرێـت و پارەی پاشەکەوتکراویان بۆ لە ناو دادەنرێت.

دووەم: کـارپێکردنی کـارتی ئـەلیکترۆنی یـان چـەکی بـانکی بـەناوی مووچـەخۆر بـۆ دانـەوەی قـەرزەکان و گشـت بـاج ورسـووماتی حکـومی کـە لـە سـەر مووچـەخۆرانە لـە لایـەن حکومەتـەوە، وەك قـەرزی خانووبـەرە و پێشـینەی هاوسەرگیری وکشتوکاڵی و باجی ئاو وکارەبا وسزاو ورسوماتی هاتوچۆ .

سـێیەم: پێویسـتە لایەنـە پەیوەندیـدارەکان هەماهـەنگی و ئاسـنکاری بکـەن بـۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

چـوارەم : ئەنجومـەنی وەزیـران بـەزووترین کـات بڕیـاری ژمـارە (٦٤)ی سـاڵی ٢٠١٦ خـۆی کـە تایبەتـە بـە پاشـەکەوتکردنی مووچـەی فەرمانبـەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان هەڵوەشێنێتەوە.

پێنجەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات

شەشە: ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچواندنی دەچێتە بواری جێبەجێ کردن .

## هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم بڕیارە

بـۆ دروسـتکردنی کـارتی ئـەلیکترۆنی بـۆ مووچـەخۆران بـۆ ئـەوەی حیسـابێك بـۆ مووچـە پاشـەکەوتکراوەکانی مووچـەخۆران دروسـتبکرێت بـۆ ئـەوەی بتـوانن لـەم حیسـابەدا موچـەکانیان بـەکار بهێـنن بـۆ دانـەوەی قـەرزە حکومیـەکان ئـەم بڕیارە دەرچوێندرا.